**سەروتار**

# یەکگرتن وکۆمەڵ بوونی موسڵمانان لەسەر رێگا راستە فراوان ودێرینەکەی ئیسلام، نەك لەسەر رێچکە خوارە تەسك وداهێنراوەکانی حیزبایەتی

م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی گەورەی چوارقورنە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

پێویستە لەسەر گشت موسڵمانان کە یەك دەست و یەکگرتوو و یەك کۆمەڵ بن ودژی کافرو بێ باوەڕان بن، وەهاوکاربن لەسەر خواپەرستی و کاری چاکەو تێکۆشان لەپێناوی خوداو بانگەوازی یەکتری بۆ گرتنە بەری ئەو رێگایەی کە پێشینە چاکەکانمانی لەسەر بووە لەهەموو لایەنەکانی دیندا، چونکە ئەم یەکبون و یەکگرتنە لەسەر سوننەت و رێبازی سەلەفی صالح بریتیە لەگەورەترین بنچینەکانی ئیسلام کە خوای گەورە پێغەمبەرانی پێ ناردووە، وەك لەم ئایەتە پیرۆزەی قورئاندا دەردەکەوێت:

﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ١٣ ﴾ [الشورى: ١٣] .

واتە: خوای گەورە لە دیندا بەرنامەیەکی بۆ داناون کە وەسیەت و ئامۆژگاری پێغەمبەری خۆی پێ کردووە، وە بریتییە لەو بەرنامەیەی کە بۆ تۆمان نارد ئەی محمد ﷺ، وە هەروەها ئەوەیەکە وەسیەتی پێغەمبەران ابراهيم وموسى وعیسامان پێ کردووە کەئەو بەنامەیەش بریتییە لەوەی:

١- تەنها خواپەرستی و دینی ئیسلام بەرپا بکەن ودەستی پێوە بگرن و لەسەری کۆببنەوەو یەك بگرن.

٢- وە هەروەها لێی جیا نەبنەوەو لاڕێ نەبن و جیاجیایی وپارچە پارچەیی تێدا

دروست نەکەن ونەبن بە گروپ گروپ و حزب حزب .

وە لە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار هەڕەشە دەکات لەوانەی کە تەفرەقە دەبن و موسڵمانان پارچە پارچە دەکەن دەفەرمووێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ١٥٩﴾ [الأنعام: ١٥٩] .

واتە: ئەوانەی کە دینەکەیان کردۆتە چەند ڕێچکەو حیزبێك وپارچە پارچەیان کرد ئەوە تۆ بەریت لێیان و پەیوەندیت پێیانەوە نییەو شوێن کەوتەی تۆ نین، وەئەوانە حیسابیان لای خوای پەروەردگارە لەپاشان ئاگاداریان دەکاتەوە بە خراپی ئاکامی کردەوەکەیان.

ئیمامی بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەفەرمووێت: ئەوانەی دینەکەیان پارچە پارچە کرد موبتەدیعەکانن: (هم أصحاب البدع والشبهات في هذه الأمة) .

واتە: ئەو کەسانەی بیدعەیان لەدیندا داهێناوە و گومان و شوبهە دروست دەکەن و بەڵگەی نادروست دەهێننەوە لەسەر حیزبایەتی و ڕێچکەو بۆچوونەکانیان ئەوانەن دینەکەیان پارچە پارچە کردووە.

وەلە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار فەرمانی کردوە بەهەمان بنچینە گرنگەکەی پێشوو کە لە دوو خاڵدا دەرکەوت.

یەکەم: دەست گرتن بەتەنها خواپەرستی و یەك بوون لەسەری

دووەم: تەفرەقە دروست نەکردن و پارچە پارچە نەبوون.

وە دەفەرمووێت:

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ [ الأنعام: ١٥٣] .

واتە: ئەو تەنها خواپەرستییەو دوورییە لە شیرك بریتییە لەڕێبازی من کە ڕێبازێکی ڕاستە لەبەر ئەوە:

١- هەمووتان شوێنی بکەون وە تەنها ئەم ڕێبازە بگرنەبەر لێی دوانەکەون و کەمتەرخەمی مەکەن لەشوێن کەوتنی.

٢- وەنەکەونە شوێن ڕێچکەکانی تر چونکە گشت ئەم ڕێچکانە لاتان دەدەن لەڕێگە ڕاستەکەی خوای گەورە.

وە لەئایەتێکی تردا خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات:

﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدْعُ وَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ١٥﴾ [الشورى: ١٥] .

واتە: بانگەوازی خەڵکی بکەن بۆ ئەو دینەی کە بۆگشت پێغەمبەران نێردراوە کە بریتییە لە تەنها خواپەرستی و شوێن کەوتنی شەرعی خواو ڕێگا ڕاستەکەی.

وەهەروەها جێگیرو بەردەوام بە لەسەر ئەم دینە چۆن فەرمانت پێکراوە وەها ئیستیقامەتت بێت لەسەر ڕێگای ڕاستی خوا.

وەشوێن هەواو ئارەزوو بۆچوون و ڕێچکەکانیان مەکەوە.

کەواتە خوای گەورە ئەوەی دەوێت لە موسڵمانان کۆك و یەکگرتوو بن بەلاَم لەسەر چی؟ بێگومان لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستەی کە پێغەمبەران و هاوەڵانی پێغەمبەریﷺ لەسەر بوون ڕێبازی سەلەفی صالح.

وەئەم یەکگرتنەش لەسەر ئەم ڕێبازە ئەوە قەدەغەدەکات کەشوێن ڕێچکەی تر بکەوین چونکە ڕێچکەکان لەسەر ڕێگای ڕاست لات دەدەن، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك بەسەر ڕێگایەکی گشتی ڕاستدا بڕوات لەشارێکەوە بۆشارێکی تر بەلاَم لەڕێگادا چەندان ڕێچکەی بچوك بچوك لەلای ڕاست و چەپ شارێگەکەدا لایانداوە بەرەو گوندو لادێکان، ئەگەر ئەو کەسە لابداتە سەر ئەو ڕێچکانە ئەوە لە شارێگەکە دەردەچێت و ناگاتە ئەو شارەی کە مەبەستی بوو.

بەهەمان شێوەش هەر کەسێك شوێن ڕێچکەیەك بکەوێت ئەوە لەڕێبازی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ لادەدات و دوور دەکەوێتەوە و ناگاتە ئامانج.

بەڵگەیەکی تر لەسەر بنچینە مەزنەکەی پێشوو.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ١٠٣ ﴾ [آل عمران: ١٠٣] .

واتە: ١- هەمووتان دەست بگرن بەدینی خواوە بەگشتی کۆبن و یەکگرتوبن لەسەری.

٢- وەپارچە پارچەو حیزب حیزب مەبن و لێك جیا مەبنەوەو تەفرەقە دروست نەکەن.

لەم ئایەتە پیرۆزەشدا تێبینی دەکەین کە خوای پەروەردگار ئەو ڕێبازەی دیاری کردووە کە یەکگرتنی لەسەر دەکرێت کە

ئـەویش ئـەو ئیـسلامەیە کـە لـە قورئـان و سوننەتدا هاتووە و هاوەڵەکانیﷺ لەسـەر بوون و لەوانەوە پێمان گەیشتوە.

کەواتە ڕێگای یەکبوون و یەکگرتن پەیڕەوو پرۆگرامـی حیزبێـك نییـە کـە لـەو بیـست ساڵەی لەمـەوپێش دروسـت بـووەو سـەری هەڵداوە لەسەر دەسـتی چـەند کەسانێك! بـەڵکو بریتییـە لـەو ئیـسلامەی لـەدێرین زەمانــەوە لــە گــشت پێغەمبەرانــەوە وە لەپێــشینە چــاکەکانەوەﷺ گەیــشتووە بەئێمە.

کەواتـە هەرکەسـێك کـە دەیـەوێت وەڵامـی ئەم ئایەتـە قورئانییـە پیرۆزانـە بداتـەوە و هــەوڵی یــەکبوون و یــەکگرتن و بەکۆمــەڵ بوونی موسڵمانان دەکات ئەوە با بانگیـان نەکات بۆ ڕێچکە داهێنراوەکەی خۆی بەڵکو بابـانگی بکـات بـۆ ئـەو ئیـسلامەی کـە درێژبوونەوەیــەکی سروشــتییە بــۆ ئــەو ئیسلامەی کە سەلەفی صالحی لەسەربووە پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانیﷺ.

وەخــوای گــەورە خەبــەری پێــداوین کــە حیزبایــەتی و پارچــە پارچــەیی و فــرە حیزبێتــی پیــشەو عــادەتی موشــریك و کافرەکانـە، وە ئێمـەی موسـڵمانانی وریـا کردۆتەوە لەم عادەتـە خراپـەی ئـەوان کـە دەفەرموێت:

﴿ ۞ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾[الروم: ٣١ – ٣٢] .

واتــە: ئــەی موســڵمانان ئێــوە لــە موشـریکەکان مـەبن و وەکـو ئـەوان مـەبن ئەوانەی کە دینەکەیان پارچە پارچە کردوو بوون بەچەند گروپێك کەهەر حیزبەی بەوە دڵخۆشە کە لای خۆی هەیە و ئەو پرۆگرام و بەرنامەیــە بەڕاســت دەزانێــت کــە حیزبایەتی لەسەر دامەزراوە!!

ئەگـەر ئـەمڕۆ سـەیری واقیعـی موسـڵمانان بکەین دەبینین کەوتوونەتە شوێن عـادەتی موشریکەکان وەکـو ئـەوان بوونەتـە چـەند حیزب و هەریەکە خۆی بەڕاست دەزانێت، ئــەم دیاردەیــەش زۆر ترســناك و خراپــە چــونکە خــوای گــەورە فــەرمووی وەکــو موشریکەکان مەبن.

کەواتــە: حیزبایــەتی تەفرەقــە دروســت دەکـات و بـێ فـەرمانی خـوای گـەورەی تێدایــەو لاســایی کردنــەوەی کــافرو موشـریکەکانی تێدایـەو هـۆی لاوازبـوون و دۆڕان وفەشــەل هێنــانی موســڵمانانە و

دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی موســـڵمانان بەیـەکترەوە خـەریك بـن و دژایـەتی یـەکتر بکەن.

کەواتە: حیزبایەتی و پارچە پارچە کردنی موسڵمانان بێ شەرعییەو موسـڵمانان پێـی لاواز دەبـن و ئیـسلام پێـی دوادەکـەوێت، نەك بەپێچەوانەوە وابزانرێت ئیسلام بەهۆی ئەم حیزبانەوە ماوە ! !

نەخێر حیزبایەتی دەردە نەك دەرمـان، وە هۆکـــاری دووبـــەرەکی و فەشـــەلە نـــەك سەرکەوتن و وەدەست هێنان.

تێبینی/ کاتێك ئەم ڕاستییە دەخەینـە ڕوو مەبەسـتمان ئـەوە نییـە کـە موسـڵمانان هاوکاری یەکتر نەکەن لەسـەر کـاری خێـرو چاکەو بڵاو کردنەوەی ئیـسلامەتی، نـەخێر پێویـستە چـەندە ئێـستا کاردەکرێـت بـۆ خزمەتی ئیسلام ئەوە زیاتر هەوڵ بـدرێت و خـــەڵکی لـــەدین شـــارەزا بکرێـــت، بـــەڵام لەقاڵبێکی فراوانی هاوکاری شـەرعیدا نـەك لەقاڵبی تەسکی حیزبایەتیدا.

وەهـــەروەها کاتێـك بەموسـڵمانان دەڵـێن وریـابن لەڕێـچکە داهێنراوەکـان و نەکەونـە شـوێن حیزبایـەتی بـەناو ئیـسلامەتی یـان غـەیری ئیـسلامەتی مانـای ئـەوە نییـە کـە ئێمـە حیزبێکمـان دروسـتکردووەو خـەڵکی بۆلا بانگ دەکەین، نەخێر بەخەڵکی دەڵێین ئێمە هەر مەناسن و بەڵام پێویـستە خـوای خۆتان بناسن و دینەکەتان بناسن و شوێن پێغەمبەرەکـەتانﷺ و پێـشینە چـاکەکان (السلف الصالح)ﷺ بکەون، وە ئەوەش بۆ ئێمــەو ئێـوەش یەکـسانە و وەکـو یەکـە، پێویستە هەموومان بەگشتی شوێن ڕێبازی پێشینە چاکەکان بکەوین لەدینـدا، چـونکە سەرفرازی دونیاو قیامـەت تـەنها لەوەدایـە کەشوێن ئەوان بکەوین وەك خـوای گـەورە فەرموویەتی:

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾ [التوبة: ١٠٠] .

واتـــە: ئـــەو پێـــشکەوتوانەی یەکـــەم لـــە کۆچـــکەرو پـــشتیوانەکانیان، هـــەروەها ئەوانـەش کەشـوێنیان کـەوتوون بەباشـی، ئەوە خوا لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش ڕازی بـــوون بەبەخـــشندەیی خـــوا بۆیـــان، وەبەهەشت و باغاتێکی بۆئامـادە کـردوون کـە چـەندەها ڕوباریـان بـەژێردا دەڕوات،

وەبە بەردەوامی تیایدا دەمێنێتەوە کە ئەمە بەڕاستی سەرفرازی گەورەیە!.

کەواتە: شوێن کەوتنی پێشینە چاکەکان ﷺ لەدونیادا تاکە ڕێبازی سەرفرازی مەزنە، لەبەر ئەوە خۆشمان و خەڵکیش بۆ ئەو ڕێبازە بانگ دەکەین، نەك بۆ ڕێچکەیەکی حیزبی تازە داهێنراو. وەئەمەش جیاوازییەکی ئاشکرایە لەنێوان بانگەوازی سەلەفییەت و بانگەوازی حیزبییەت.

سەلەفییەت بانگەوازییە بۆلای خواو شوێنکەوتنی پێغەمبەروﷺ پێشینە چاکەکانﷺ کەئەویش ڕێگای بەهەشتە.

حیزبیەت بانگەوازیە بۆلای سەرکردە حیزبیەکان و پرۆگرامی حیزب و بڕیارەکانی، کەئەمەش ڕێچکەی دابڕینەرە لە ڕێگای ڕاست و گومڕا بوون و بەرەو دۆزەخ چوونە ئەگەر چی بەناوی ئیسلامیشەوە بێت، چونکە لەئیسلامدا فرە حیزبێتی نییە، موسڵمانان تێکڕا بە عەرەب وکوردو فارس و تورك و.... حیزبی خوای گەورەن وەلەهەموو سەردەمێکدا ئەم حیزبەی خوای گەورە هەر هەبووە.

بەڵام حیزبەکان سەریان هەڵداوە لەناو حیزبی خوا کە حیزبی خوایان پارچە پارچە کردووە و موسڵمانانیان دابڕ دابڕ کردووە.

وەدروست نییە هیچ کام لەم حیزبە ئیسلامیانە بەخۆیان بڵێن ئێمە ئەو (حزب الله) یەین کە قورئان باسی کردووە لەبەر چەند هۆیەك:

١- چونکە حزب الله لەقورئاندا بە(تاك) باسکراوە نەك بەکۆمەڵ، واتە تەنها یەك (حزب الله) هەیە، کەچی ئەم حیزبانە چەندها حیزبن، کەواتە چۆن دەکرێت چەندەها حیزبی لێك جیا خۆی بەتاکە (حزب الله) بزانێت؟!.

٢- لەقورئاندا ووشەی (أحزاب) واتە حیزبەکان بەخراپی هاتووە نەك بەباش باسکرا بێت، وەئەمانەش چەندەها حیزبن نەك یەك حیزب کەواتە ووشەی (أحزاب) دەیانگرێتەوە نەك (حزب الله).

وەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة، قالوا من هي

یارسول الله، قال ما أنا علیه الیوم وأصحابی)[1] .

واتە : ئوممەتی ئیسلام دەبێت بەحەفتاو سێ فیرقە گشتیان بۆ دۆزەخن تەنها یەکێکیان نەبێت، وتیان کامەیە ئەو ڕزگار بووە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کۆمەڵەن کە لەسەر ڕێبازی من و هاوەڵانمن رضي الله عنهم.

واتە: ئەوانەن کە لەسەر ئەو ئیسلامە دەڕۆن کە سەلەفی صالح پێشینە چاکەکانی لەسەر بووە، نەك ئەوانە بن کە شوێن کەوتەی گروپە داهێنراوەکانن.

کەواتە: کۆمەڵی ڕزگاربوو، وەکۆمەڵی شوێن کەوتەی حەق و حیزبی خوا یەکەو نابێ بەدوو، لەکاتێکدا کە گروپە گومڕاکانی ناو بازنەی ئوممەتی ئیسلام زۆرن و هەمووشیان بەئیسلامی ناسراوە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئوممەتەکەی من واتە: موسڵمانان دەبنە حەفتاو سێ فیرقە) فیرقە ئیسلامیەکانی باسکرد کەدەچنە دۆزەخەوە، بەلاْم ئەو فیرقانەی کە پەیوەندیان بەئیسلامەوە

نەماوە خۆیان حوکمیان لەسەر خۆیان داوەو ئیعلانی دووری خۆیانیان کردوە لەئیسلام -پەنابەخوا- .

وەهەروەها ڕیبازی ڕاست تەنها یەکە بەلاْم ڕێچگەی لاڕێ زۆرن وەك لە ئایەتەی پێشوودا دەرکەوت:

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ [ الأنعام: ١٥٣] .

(صراط) : تاکە ، (سُبُل): کۆیەو زۆرن.

کەواتە فرە حزبێتی حزبە ئیسلامیەکان خۆی لەخۆیدا ئاشکراترین بەڵگەیە کە ئەوان لەسەر تاکە ڕێگاڕاستەکە نین، بەڵکو لەسەر ڕێچکە زۆرەکانن، چونکە ئەگەر لەسەر حەق بونایە ئەوا ناکۆك و پارچە پارچە نەدەبوون.

٣- وەهەروەها پرسیار دەکەین لەم حیزبە ئیسلامیانە کە هەریەکەیان خۆی بە(حزب الله) ی ڕاستەقینە دەزانێت وئایەتی (أولئك حزب الله) دەکەنە بەڵگە بۆ چەواشە کردنی خەڵکی، پێیان دەڵێین هەریەکێ لەئێوە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبەکەی دیارە کە ساڵانە یادی دامەزراندنی دەکەنەوە

(١) (رواه الترمذي، وحسنه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٠٤).

وەك جولەكـــەو گاوەرەكـــان كـــە يـــادی سالڕۆژی دامەزراندنیان هەیە!.

جـا ئایـا پـێش ئـەوەی كـە حیزبەكـەتان دابمەزرێت كە بە(حـــزب الله) ی دادەنـێن، ئایـا پێـشتر (حــــزب الله) هــەبوو یـان نەبوو؟!.

لەوەڵامدا دوو ڕێگەتان لەپێشە:

١- ئەگەر بڵێن نەبوو ئێمە دروستمان كرد، ئـــەوە ئـــەوە دەگەیـــەنێت كەموســـڵمانان نـەبوون پێـشتر، وەبـەڵكو خۆشـتان پـێش دامەزرانـدنی حیزبەكـەتان لـە(حـــزب الله) نـەبوون، وەكـە مـرۆڤیش لـە(حـــزب الله) نەبێت ئەوە لە (أحزاب الشیطان)ە، كەواتـە خۆشـــتان و تێكـــڕای موســـڵمانانیش گومڕابوون و كافر بوون پەنابەخوا.

وەكەوا بوو بێگومان ئەو هەڵە گەورەیـە ناكەن كە بڵـێن پـێش حیزبـەكانمان (حزب الله) نـەبووە، كەواتـە پـەنا دەبەنـە بـەر وەڵامی دووەم كە ئەمەیە:

٢- (حـــزب الله) بـەردەوام هـەبووە پـێش دامەزراندنی حیزبەكانیشمان.

وە ئەم وەڵامە ڕاستە، چونكە پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**(لاتزال طائفة من أُمـــتي ظـــاهرين علـــى الحق)**(٢).

واتە: بەردەوام كۆمەڵێك دەبن لەئوممەتی من كەدیارن لەسەر حەق.

كەواتە: موسڵمانان بەگشتی هەبوون پـێش حیزبـــەكانتان، وە لـــەوەش زیـــاتر كۆمەڵێكیش هەر هەبووە كە بانگەوازی بـۆ حـەق بكـات و بەتـەواوی لەسـەر حـەق بووبێت، كەواتە (حزب الله) هەر هەبووە!، كەوا بوو ئەگـەر(حـــزب الله) هـەبوو، ئـەی دامەزرانـــدنی حیزبـــەكانتان لەچـــی؟ وەبۆچی؟

بــۆ ئـــەوەی ئێـــوە دەســـەڵات بگرنـــە دەست؟!.

یـــان بـــۆ ئەوەیـــە كـــە ئیـــسلامەتی بڵاوبكەنەوە؟!.

كـــەبۆ یەكەمـــە ئـــەوە بەئاشـــكرا مەبەسـتەكەتان دەربـڕن و مەیدەنـە پـاڵ ئیـسلام و موسـڵمانانیش پارچـە پارچـە مەكەن.

وەئەگەر بـۆ دووەمیـشە ئـەوە ئیسلامەتی بـەو هۆكـاری حیزبایەتییـە بـڵاو نابێتـەوە

(٢) (مختصر صحيح مسلم: ١٠٩٥، وصـحيح الجـامع الصغير: ٧١٦٦).

وبەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵکو زیاتر موسڵمانان دەبنە ناکۆك لەگەڵ یەکتری و بەیەکترییەوە خەریك دەبن و فەشەل دەهێنن و دژایەتی دەکرێن.

وەهەروەها بۆتان نییە ناو لەحیزبەکانتان بنێن (حزب الله)، چونکە دانتان نا بەوەی کە (حزب الله) پێش ئێوەش هەر هەبووە و حیزبایەتیش نەبووە، کەواتە ئێوە چەند گروپێکتان دروستکردوە لەناو (حزب الله) و یەکێتی و برایەتی موسڵمانانی (حزب الله) تان پارچە پارچە کردوو گوریسە ئەستورە پتەوەکەی (حزب الله) تان لاوازو باریك کردەوە بەوەی کەچەند تاڵ و لقێکتان لێ دابڕی و جیاتان کردەوە.

کەواتە حیزبەکان نەك هەر (حزب الله) نین بەڵکو (حزب الله) یان لاواز کردووە. کەواتە ئەوان دەردی موسڵمانانن نەك دەرمان.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لاتختلفوا فإن من كان قبلكم اختلفوا فهلكوا)[٣] .

واتە: ناکۆك و لێك جیامەبنەوە و تەفرەقە مەکەن، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە لێك جیابوونەوەو تەفرەقەیان تێکەوت و بوونە چەند حیزبێك بۆیە بەهیلاك چوون و گومڕابوون.

کەواتە: فرە حیزبێتی و تەفرەقە حەرامەو هۆی بەهیلاك چوونە، نەك واجب بێت و هۆی سەرکەوتنی موسڵمانان بێت!!.

وە پێویستە بزانین کە ئەو کەسانای لە ڕێبازی سەلەفی صالح لادەدەن ئەوان ناکۆکن و تەفرەقەیان دروست کردووە و بەخراپ و لاڕێ لەقەڵەم دەدرێن نەك ئەوانەی لەسەر ڕاستە ڕێیەکەی سەلەفی صالح بەردەوامن و حیزبایەتی ناکەن و موسڵمانان پارچە پارچە ناکەن، وەهەر کەسێ واز لە ڕێبازی سەلەفی صالح بهێنێت گومڕا دەبێت، بەڵام هەرکەسێ واز لەم حیزبانە بهێنێت نەگومڕا دەبێت وەنە گوناهباریش دەبێت، بەڵکو بەختەوەر دەبێت ئەگەر ڕێبازی سەلەف بگرێتە بەر .

**بەڵگەیەکی تر لەسەر حەرامی حیزبایەتی وتەفەروق:**

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ ﴾

[آل عمران: ١٠٥] .

---

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٥٥، ومشكاة المصابيح: ٢٢١٢).

واتــه: وەكـو ئـەو كەسـانە مـەبن كـەلێك جیابوونەوەو ناكۆك بوون و بوونە چەند ڕاو فیرقە وحیزبێك، دوای ئـەوەش كـە بەڵگـەو دەلیلیان بۆهات كە تەفرەقە حەرامە ئەوانە سزایەكی بەهێزو گەورەیان بۆ هەیە.

كەواتە: خوای گەورە بەم ئایەتەو چەندەها ئایەتی تریش تەفرەقەو حیزبایەتی حـەرام كـردووە، بـەڵام حیزبییـەكان بـەردەوامن لەسـەری وخـەڵكی بـۆ بـانگ دەكـەن و كارەكەشـیان بـەباش و پەسـەندو ئیـسلامەتی دادەننـێن، هـەر چـەندە پێـچەوانەی شـەرعی خـوای گەورەشـەو نەهیـشی لـێ كـراوە!!، ئایـا دەبێـت ئـەم ئایـەت وحەدیـسانەیان نەبیـستبێت؟ یـان بەهەڵە لێكیان دەدەنەوە.

بـێ گومـان بیـستویانە بـەڵام هەڵوێـستیان بەرامبەریان جۆراو جۆرە:

١- ئەوانـەی كـە تـێ گەیـشتون كـە ئـەم ئایـەت و حەدیـسانە دژبـە تەفرەقـەو حیزبایەتین، بەڵام بەرژەوەنـدی دونیـایی و مانـەوەی زەعامـەت ولێپرسـراوێتیان لەوەدایە خەڵكیان لەدەور بێت، ئەوانـە لـە نـاخی خۆیانـدا حـەز بـەم جـۆرە بەڵگانـە ناكەن، وەئەوەندەش بۆیان بكرێت ڕەتیان دەكەنـەوە بـەلاوازیان دادەنێـنن ئەگـەر حـەدیس بـوون، وەماناكانیـشیان دەگـۆڕن ئەگەر ئایەت بوون بەم شێوەیە:

بـۆ نمونـە: بەشـوێن كەوتـەكانیان دەڵـێن: ئـەم ئایەتانـە باسـی تەفرەقـەی گـاورو جولەكـەكان دەكـەن! واتـە جیابوونـەوەی ئـەوان لەئیـسلام تەفرەقەیـە، بـەڵام موسـڵمانان هەرچـەندە لێـك جیـاو پارچـە پارچەو چـەندەها ڕاو فرەحیزبیـان هـەبێت ئەوە قەیناكات وەهەموویان هەر لە (حیزب الله) ن و ڕزگـار بـوون، وەیـان ئایـەت و حەدیسەكان بۆ خاتری حیزبەكـەی خۆیـان لێك دەدەنەوە، واتە: دەڵێن بەبەڵگەی ئەم ئایەتانـە ئێمـە دەسـتەو كۆمـەڵ وحیزبـی خـواین، وەهەركەسـێ نەیەتـە نـاو حیزبەكەمانـەوە ئـەوە تەفرەقەچـییەو خزمەتی موسڵمانان ناكات!!.

وەبەداخەوە شوێن كەوتە نەزان وساویلكە دڵسۆزە حەماسیە دڵ گەرمەكانیشیان بـەو لێكدانـەوە ناحەقـە خەڵەتانـدووەو قەناعـەتیان پـێ كـردوون!. وەنـازانن ئـەم یـەكگرتن و كۆمـەڵ بوونـە لەسـەر ڕێبـازی پێغەمبـەران و پێـشینە چـاكەكان نییـە كەبانگەوازیان دەكرد بۆ تـەنها خواپەستی

و دووركەوتنەوە لەشیرك وبیدعەو بێ شەرعی، بەڵكو یەكگرتن و كۆمەڵ بوونە لەسەر حەلاڵ كردنی بیدعەو بێ شەرعی وەك ئاهەنگ گێڕان بەبۆنە داهێنراوەكان و تێكەڵی ژن و پیاوان و مۆسیقاو گۆرانی و ئافرەتی سەرو سینگ ڕووت خستنە سەرشاشەی تەلەفیزیۆنەكانیان ولاسایی كردنەوەی گومڕاو كافرەكان وتەمسیلی و فلیمی پڕ لەگوناهو بێ شەرعی لێدان و دۆستایەتی كردنی خورافی و موبتەدیعان و دژایەتی ئەهلی سوننە وتەوحید.

كەواتە: لەسەر ئەوە یەكگرتن و كۆمەڵ بوون نەك لەسەر ڕێبازی سەلەف.

وە بۆزیاتر دڵنیابوون لەوەی كە حیزبایەتی و تەفرەقە و پارچە پارچە بوون دەردە نەك دەرمان وەزەرەرە بۆ موسڵمانان نەك قازانج ئەوە كۆتایی باسەكەم دەهێنم بەفەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺ كە وەسیەتی ئوممەتە موسڵمانەكەی تێدا كرد بە چەند ئامۆژگارییەك:

١- أوصيكم بتقوى الله.

٢- والسمع والطاعة وإن تأمَّرعليكم عبد حبشي.

٣- أ- ومن يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً .

ب- فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين، تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ.

ج- وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة[٤].

واتە: ١- ئامۆژگاریتان دەكەم بەتەقوای خوا بۆچاك بوونی پەیوەندی نێوان خۆتان وخوای پەروەردگار وچاك بوونی گشت كارێكتان.

٢- وەهەروەها ئامۆژگاریتان دەكەم بە گوێڕایەڵی كردنی سەركردەكانتان، بۆچاك بوونی وەزعی دنیاتان، چونكە دەرچوون لەگوێڕایەڵی كاربەدەستان (لەچاكەدا) وەشۆڕش كردن دژیان فیتنەو ئاشوب وئاژاوە پەیدا دەكات لەوڵاتدا و ژیان ودنیاتان تێك دەچێت .

٣- وەئامۆژگاری سێهەم بریتییە لەسێ بڕگە:

أ- یەكەمیان هەواڵی ئەوەی دا كە ئوممەتەكەی توشی دەردی ناكۆكی و دووبەرەكی و تەفرەقەیەكی زۆر دێت .

(٤) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٧٣٥، وصحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٩).

ب–وه عيلاجي ئهم نهخۆشـی و نـاكۆكی و تهفرهقهیـه بریتییـه لـهوهی كـه پێویـسته دهسـت بگـرن بـه سـوننهت و ڕێبـازی پێغهمبـهرﷺ وهـاوهڵانی ﷺ، وهتـهنها چارهسهرو عيلاجی تهفرهقـهی موسـڵمانان بریتییه لهگهڕانهوهو دهست گرتن بهڕێبازی سـهلهفی صـالح كـه پێغهمبـهر ﷺ و هـاوهڵانیتی ﷺ، كهواتـه سـهلهفییهت عيلاجی ئیختیلافهو تاكه هۆكاری یـهكگرتن و كۆمهڵ بوونی موسڵمانانه .

ج– وهبڕگهی سـێیهمی وهسـیهتی سـێیهم بریتییه لهخۆپارێزی و(ویقایه) لهو شتانهی كهتهفرهقـه دروسـت دهكـهن و دهردی نـاكۆكی پهیـدا دهكـهن، ئـهو شـتانهش كههاوكاری ئهم دهرده كوشندهیهن بریتین لـه (محدثات الأمـور) واتـه: ڕاوبۆچـوون و ڕێـچكهو حیزبـه داهێنراوهكـان، چـونكه ههموو داهێنانێك لهدیندا بیدعهیـهو گشت بیدعهیهكیش لهدیندا گومڕاییه، چونكه دین تهواوهو بۆ گشت سـهردهمێكهو پێویـستی بـهداهێنان وتـهواوكاری و زیـادهی كـهس نییه.

كهواتـه: لـهم فهرموودهیـهدا لهوهسـیهتی سێیهم سێ شتمان بۆدهركهوت:

یهكهم– دهردی موسڵمانان نـاكۆكی و لێـك جیـایی و تهفرهقهیـه، كـه حیزبایـهتی دروست كردنیش تهفرهقه دروست كردنه.

كهواتـه: حیزبـهكان دهردن بـۆ موسـڵمانان نهك دهرمان .

دووهم – دهرمـان و عـیلاج وچارهسـهری ئهم دهرده وهتاكه هۆی یهكگرتن وكۆمـهڵ بـوونی موسـڵمانان بریتییـه لهگهڕانـهوه بۆسهر مهنههجی سهلهف.

سێیهم– هۆكاری دروست بـوونی تهفرهقـه بریتییـه لـهو ڕێـچكه و حیـزب و بۆچـونه داهێنراوانـهی كـه لهسـهردهمی سـهلهفی صالحدا نهبوون، وهپێویسته دووركهوینهوه لێیان ئـهگینا لـهدهردی نـاكۆكی ڕزگارمـان نابێـت و زهلیلـی و فهشـهلمان لهسـهر لاناچێت.

كهواته: بۆمـان دهركـهوت كـه پێغهمبـهری خـوا ﷺ نـاكۆكی بـهدهرد دانـاوهو فهرمانیـشی بهعيلاجهكـهی كـرد كـه گهڕانهوهیه بۆسهر مهنهـهجی سـهلهف، وه وریایـشی كردینـهوه لهوشـته داهێنراوانـه. بـهڵام ههنـدێ لـه موسـڵمانانی ئـهمڕۆ لهههرسـێ بڕگهكـهی وهسـیهتی سـێیهم

پێچەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن بەم شێوەیە:

یەکەم– حیزبایەتی بەدەردو هۆی تەفرەقە دانانێن.

دووەم– وازیان هێناوە لەم عیلاجەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە، بەڵکو ئەوانە گەڕانەوە بۆ سەر مەنهەجی سەلەفی صالح بەدواکەوتوویی و توندڕەوی و وشکی ونەزانی لەقەڵەم دەدەن و ئەمە بەهۆکاری تەفرەقە دەزانن و سەلەفییەکان بەتەفرەقەچی باس دەکەن.

سێیەم– خۆیان نەپاراستوە لەو شتە داهێنراوانەی کەبیدعەن و ویقایە لەم شتانە بەپێویست نازانن، بەڵکو ئەم بیدعانەو ئەم ڕێچکەو حیزبایەتییە داهێنراوە بەباش دەزانن و بەتوندی دەستی پێوە دەگرن و دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر دەکەن و بێ فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن کە فەرمووی: (إياكم ومحدثات الأمور). کەواتە چ خێرو سەرکەوتنێك چاوەڕێ دەکرێت لەکەسانێك کەلەهەرسێ بڕگەی وەسیەتی سێیەمی پێغەمبەری خوا ﷺ دا پێچەوانە کاردەکەن؟! وەچ یەکگرتن و کۆمەڵ بوونێك دروست دەبێت بەم شێوەیە، بێ گومان لەڕواڵەتدا دروست دەبێت بەڵام لە چوارچێوەیەکی تەسکی حیزبایەتی کەهۆکاری سەرەکی تەفرەقەی موسڵمانانە، وە وێنەی ئەمانە وەکو کەسێك وایە کە بۆخاتری دروستکردنی قەسرێك شارێك تێك دەدات. وەئەمانەی بۆئەوەی چەند سەد کەسێك لەخۆیان کۆکەنەوەو یەکگرتنیان پێ بکەن لەسەر بناغەی حیزب ئەوە لەتێکڕای موسڵمانان جیادەبنەوەو خۆیان جیادەکەنەوەو ناو وشیعارو هەویەو ناو تۆمار کردن وبەیعەت وبەڵێن و پەیمان دادەنێن بۆ شوێن کەوتەکانیان، وەئەوەی کە بەیعەتی دابێت وناونوس کرابێت و هەویەی بۆکرا بێت بەبڕیارەکانی حیزب ڕازی بێت ئەوە لای ئەوان موسڵمانێکی یەکگرتووە ولەجەماعەتی موسڵمانانە، وەئەگەریش ئەمانەی نەبێت ئەوە تەفرەقەچییەو لەکۆمەڵی موسڵمانان دابڕاوەو (لاجماعەیە)!!. حاڵی ئەمانە وەکو کەسێك وایە کەچەند پارچەیەکی بچوك لەسەیارەیەك دەکاتەوەو دەڵێت ئەوەی من سەیارە ڕاستەقینەکەیەو پێویستە گشت سەیارەکە بدرێتە من بۆ ئەوەی بەسەیارە

حساب بكرێت، نەك من چەند پارچە بچوكەكە بگەڕێنمەوە بۆ لاشەی سەیارەكە كە بەبێ ئەم پارچانەش هەردەڕوات!!.

كەواتە بەداخەوە تەرازووی هەڵسەنگاندن لایان پێچەوانە بۆتەوەو سوننەت بەبیدعە دەبینن و بیدعەیش بەسوننەت، وە تەفرەقەو حیزبایەتی بەچارەسەر دەزانن و مەنهەجی سەلەفیش بەهۆی دواكەوتن؟!.

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرتان ﷺ نەبیست كەفەرمووی ئوممەتەكەم دەبێتە حەفتاو سێ فیرقە و حیزب هەموویان بۆ ئاگرن جگە لە یەكێكیان نەبێت، كەواتە كە تەفرەقەو حیزبایەتی دەرمان بوایە نەك دەرد ئەوە بۆچی دەیفەرموو بۆناو ئاگرن؟!

وەئەگەر گەڕانەوە بۆسەر مەنهەجی سەلەف خراپ بوایە بۆ دەیفەرموو تەنها ئەوە ڕزگاربووە لەدۆزەخ كەلەسەر ڕێبازی من و هاوەڵانمە ﷺ:

(ما أنا عليه اليوم وأصحابي):

**كەواتە:** وكل خير في اتباع من سلف
وكل شر في اتباع في خلف

واتە: گشت خێرێك لەشوین كەوتنی سەلەفدایە، وەهەموو شەڕو نەهامەتی و زەلیلی و فەشەلێكیش لەشوێن كەوتنی داهێنراوەكانی ئەوانەیە كە شوێن سەلەف نەكەوتون.

وەلەكۆتاییدا بزانە كە ئیسلامەتی هەربووە پێش حیزبایەتیش، وەهەر لەبەر ئەوە زانایانی سەلەف فەرموویانە: (كفرت بدين وُلِدتُ قبله)[٥] .

واتە: بێ باوەڕم بە دین و ڕێچكەو مەزهەبێك كەمن پێش ئەو لەدایك بووم!!.

كەواتە: ڕێچكەیەك دوای تۆ یان دوای سێ قەرنە چاكەكەی سەلەف پەیدا بووبێت تەفرەقە بۆ موسڵمانان دروست دەكات نەك یەكگرتن و بە كۆمەڵ بوون، كەواتە: (فاعتبروا ياأولي الأبصار).

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

(٥) (الشرح والإبانة لابن بطة).